# بڕیارەکانی وەزارەتی پەروەردە



فایەق سەعید دەینوسێت
سوید
faiekk@hotmail.com

●وەزارەتی پەروەردە لە هەفتەی دووەمی ساڵی نوێدا کۆمەڵێك بڕیاری زۆر گرنگی دەرکرد کە شایەنی شرۆڤەکردنە (Pukmedia 8/1). بڕیارەکان بەشێوەیەکی گشتی پۆزەتیڤن‌و من ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستا لە رۆژنامەکاندا هەندێکیانم دەسنیشانکردووە. سەرەتا بۆ دەرچوونی هەر بڕیارێك زۆر پێویستە وەزارەتی پەروەردە ئەوەمان بۆ روونبکاتەوە لەسەر چ بنەمایەك ئەو بڕیارانە دەرچوون. دەبێ لەپشتی هەموو بڕیارێکەوە هیچ نەبێت لێکۆڵینەوەیەکی زۆر تێروتەسەل هەبێت. تاوەکو ئێستاش بۆ ئێمە روون نییە ئەو بڕیارانە لەسەر چ بنەمایەك دەرکراون‌و پیادەدەکرێن یا نا؟ لەلایەکی دیکەوە من هەمیشە رەخنە لە کاری وەزارەتی پەروەردە دەگرم، بەڵام کە ئێستا ئەم بڕیارە باشانەیان دەرکردووە، پێمخۆشە دەستخۆشییان لێبکەم.

بڕیاری یەکەم: هەموو خوێندکارەکانی شەشەمی ئامادەیی کە لە وانەیەك یا دوو وانە دەرنەچووبن بۆیان هەیە ساڵی داهاتوو تەنها لەو وانانەدا تاقیکرنەوە ئەنجامبدەن بەبێئەوەی دەوامی ئاسایی بکەن.

دەبێ ئەوە بڵێم ئەم بڕیارە لە بەرژەوەندیی هەمووماندایە. یەکەم" دەوامنەکردنی ئەو خوێندکارانە مانای وایە چەندین جێگا لەناو پۆلەکاندا چۆڵدەبێت‌و ئەمەش کاریگەریی لەسەر کاری مامۆستاکان دەبێت. دووەم" وەزارەتی پەروەردە مەسرەفی ئەو خوێندکارانەی لەکۆڵدەبێتەوە. سێیەم" ئەو خوێندکارانە لەلایەکەوە چیدی ساڵێکی دی ئەو هەموو عەزیەتە نابینن‌و لەلایەکی دیکەشەوە هەر یەکەو کارێك دەکات کە لە روانگەی ئابووریی وڵاتیشەوە بایەخی خۆی هەیە. چوارەم" من هیچ حیکمەتێك لەوەدا نابینمەوە کە خوێندکارێك دوای ئەوەی لە وانەیەکدا دەرچوو، جارێکی دیکە تاقیکردنەوەی تێدا بداتەوە.

بڕیاری دووەم‌و سێیەم: دەرەفەتێکی نوێ دەخاتە بەردەستی ئەو خوێندکارە دەرچووانەی کە لە دەرەجەکانی خۆیان رازی نین بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تاقیکردنەوە بدەنەوە. ئەم بڕیارە یارمەتیدانێکی زۆر چاکە بۆ ئەو خوێندکارانەی لەبەر چەندین هۆکار نەیانتوانیوە پلەی باش بێننەوە.

بڕیاری چوارەم باس لەوە دەکات کە خوێندکارانی سێیەمی ناوەندی‌و شەشەمی ئامادەیی لە هەفتەیەکدا تەنها دوو تاقیکردنەوە ئەنجامدەدەن. من بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو شێوازە دواکەوتووەی تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆریدا نیم‌و شێوازی دیکەم بۆ وەزارەتی پەروەردە پێشنیارکردووە. لەو پرۆژەیەدا هەندێ شێوازی نوێم بۆ کۆی سیستەمی نمرەو سیستەمی تاقیکردنەوەکانی هەر سێ قۆناغەکانی خوێندن پێشنیارکردووە. لەلایەکی دیکەوە من تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ‌و کۆتایی ساڵ بەوشێوەیەی ئێستا کە هەیە بە شتێکی زۆر بێکەڵك دەبینم‌و دەبێتە هۆی بارگرانی مامۆستاو خوێندکارو خەرجێکی زۆریش بۆ قوتابخانەکان دروستدەکات. ئەم تاقیکردنەوانە مانای بڕوانەبوونە بە توانای مامۆستاکان‌و مانای ئەوەش دەگەیەنێت کە جگە لەم شێوازانەی تاقیکردنەوە سیستەمی پەروەردەیی ئێمە ناتوانێت بە شێوازێکی دیکە خوێندکارەکانی خۆی تاقیبکاتەوە. لەلایەکی دیکەوە من وایدەبینم خوێندکارانی ئەو پۆلانە پێویستیان بەوە نییە مانگێك بەر لە تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆری لە ماڵەوە دانیشن بۆ ئەوەی دواتر هەفتەی دوو تاقیکردنەوە ئەنجامبدەن، بەڵکو واباشترە یەکسەر دەست بە تاقیکردنەوەکان بکەن‌و هەر هەفتەیەکیش یەك تاقیکردنەوە بدەن. بە هەر شێوەیەك بووبێت من تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆری زۆر بە بێکەڵك دەزانم‌و هیوادارم بەوشێوەیە ئەنجامبدرێت کە پێشنیارمکردووە (ئاوێنە ژ 53).

لە بڕیارێکی دیکەدا تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆری شەشەمی سەرەتایی بۆ سێ وانە: زمان، بیرکاری‌و زانست، کورتکراوەتەوە. من هیوادارم ئەمە هەنگاوێك بێت بۆ لابردنی یەکجارەکی ئەو تاقیکردنەوانە، چونکە کارێکی پەروەردەیی نییە بەوشێوەیە مامەڵە لەگەڵ ئەو منداڵە وردانەدا بکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەدام جۆرە تاقیکردنەوەیەکی تایبەت بۆ کوردی، ئینگلیزی‌و بیرکاری بکەین بەبێئەوەی وانەی زانستیی تێکەڵبکەین. لە هەمانکاتدا هیوادارم شێوازی ئەو تاقیکردنەوانەو مەبەستەکانی پشتەوەی بگۆڕدرێن بۆ ئەوەی لەگەڵ پرنسیپە گشتییەکانی بواری پەروەردەییدا بگونجێن..

لە هەمانکاتدا هەندێك بڕیاری دیکەش دراون کە بەڕاستی دەرفەتێکی نوێ بۆ خوێندکاران دەڕەخسێنێت‌و خەمێکی زۆریان لەکۆڵدەکاتەوە. هەر سەبارەت بە تاقیکردنەوەکان بڕیاردراوە کە پرسیاری تاقیکردنەوەکانی سەرەتایی بگۆڕدرێن، بەڵام ئایا مامۆستاکان دەتوانن ئەم ئەرکە بەجێبگەیەنن؟ من پێموایە لە جیهانی هاوچەرخدا لە هەموو قۆناغەکاندا باوی ئەوە نەماوە خوێندکار چەند لاپەڕەیەك رەشبکاتەوە بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارێك بداتەوە. ئەگەر مەبەست دەرخستنی ئاستی خوێندکاران بێت، ئەوە دەتوانین بە چەندین شێوازی کورت‌و ئاسان ئەو کارە بکەین.

دوا شت کە دەمەوێت لەسەری رابوەستم، ئەوەیە" کە زۆر گرنگە واز لە کولتووری دەرکردن یا (ترقین قید)ی خوێندکاران بێنین. ئەمە کارێکی زۆر ناتەندروستەو نیشانەی دواکەوتوویەکی زۆر گەورەیە. من پێموایە هەرکات کار گەیشتە دەرکردن، ئەوە با ئەو خوێندکارە بۆی نەبێت لەناو پۆلدا دابنیشێت، بەڵام با بۆی هەبێت هەر چەندێك دەیەوێت تاقیکردنەوەی دەرەکی بداتەوە. پاش ئەوەی لەو تاقیکردنەوەیە دەرچوو دووبارە با بۆی هەبێت بگەڕێتەوەو بەردەوامی بە خوێندن بداتەوە. هەندێکجار خوێندکاری زانکۆ بۆ یەکجارەکی دەردەکرێت. ئاخر دەزانن ئەم خوێندکارە تا گەیشتووەتە قۆناغی زانکۆ چەند پارەی تێچووە. دواتر دەرکردنی ئەو خوێندکارانە بە زیان بۆ هەموومان دەگەڕێتەوەو لەوانەشە ببێتە یەکێك لە چەقۆکێشەکانی ناو شار. دوورخستنەوەی خوێندکاران لە کۆمەڵگا لەبەرئەوەی دوو ساڵ لەسەریەك دەرنەچووە، نیشانەی تێنەگەیشتنی ئێمەی گەورەیە لە جەوهەری پرۆسەی پەروەردە.